# خەڵک لێم دەپرسن

خەڵکێکی زۆر لە سەدرەدین دەپرسن بۆچی لە هەر جێگایەك بێ هەر ئەو پێشەنگە لە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی وئامادەیی و لە کۆلێج لە فەرمانگە، هەر وەها کارکردن لەگەڵ رێکخراوەکان. ئەو پرسیارانەیان زۆر لە نەجمەددینی برام و لە دکتۆر قاسمیش کردووە، کە برادەری یەکترن، هەندێکیان هەر لە خۆیانەوە دەیانگوت وانەکە "کەمتیار"." ئێکە پەپوسولەیمانە دوعای ئەبو دووجانەی" هەڵگرتییە و وەڵامی سەدرەدینیش ئەوە بووکەوا ئەو هەنجتۆکانە کاتیان بەسەر چووە، رۆژی ئەو شتانە نەماوە. هەندێکیش دەڵێن ئەوانەی لەدەوری سەدرەدین کۆبووینەوە کورتە بالان، بۆیە ئەو بالابەرز دەردەکەوێ، هەندێکیدیکە دەڵێن ئەوەی لە دەوروبەری ئەو بێ دەبێتە پێشگریان، بەڵام سەدرەدین دەڵێ هەر زانستەکەم دەستکەوت بێ، بەسەر دەوروبەری خۆم دابەش کردووە، بوختانی ناشیرینتریشان بۆ هەڵبەستاوم.

من تەنیا دەستە رەشەچڵکنەکان دەگرم، کە نیازیان گەندەڵی و خواردنی بە ناڕەوایە، بەڵام ئەوان بەگروپ دژی من دەوەستن، دەیانەوێ لام دەن و جێگەکەم بگرنەوە، کە ناتوانن لام بدەن و سووك و چرووکم دەکەن، دەیانەوێ لە ناوم ببەن تاکو کەسێك نەبێ دەستیان لە خراپەکاری بگری، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٧ وەزیرێك لە ماوەی مانگێکدا سێ جار فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەرکردم بە راشکاوی گوتی: ئەگەر سەدرەدین کوردستانم بۆ بکاتە زێڕ نامەوێ. قەدەغەی کرد کار بدەنە دەستم، قەدەغەی کرد مۆڵەتی بێ مووچەم بدەنێ، کەتێم گەیاند بەهەڵەیان بردووە، بەڵام دیتم رشتترە لە سەرکردەوە، رۆژێك سەلام مەعرووف ، حەسیب رسول ئەسعەدی لە قەلاچۆکردنی مشکان لە کێڵگەی کشتوکاڵی شتیان بۆ هەلبەستاین، خۆبەختانە ئەویش هەر درۆ دەرچوو.

رۆژێك (پەیمان جەودەت ئەحمەد ناجی) بریکاری بەرێوەبەری گشتی پلان دانان و خزمەتگوزارییەکان بۆی گێرامەوە، کەوا کۆبوونەوەیەکی دوور و درێژمان لەگەڵ وەزیر (سەعدی

پیرە) هەبوو، لە دوای کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکە، وەزیر فایلی کۆبوونەوەکەی خستە ناو جەکمەجەی، فایلەکی گەورەتری دەرکرد لەسەر مێزەکەی دانا و گوتی دەزانن ئەوە چییە، گوتی ئەوە هەموو راپۆرتە لەسەر سەدرەدین نووسرایە، گوتی بەسە واز لەو رەفتارانە بێنن، کێ گەندەلیەکی لەسەر سەدرەدین دەزانی بابێ لەسەر مێزی دابنێ بە بەلگە، بەلام هەر دەڵێن گوتیان جێگای هیچ ناگری، کێ لە ئێوە دەتوانی ئیشەکانی سەدرەدین بکا بەبێ شەرم با بێ کارەکەی تەسلیم دەکەم، بەلام دەزانم بەکارهێنانی ژەهرە بکوژەکان ئەنجامی مەترسیداری بە دواوەیە.

دەلالەکانی بە بەرتیل کار دەکەن، ئەگەر سەرنەکەوتن تۆمەتی گەورە و ناشیرین تری بە شێوەی دزۆ و بوختان بۆ هەلدەبەستن. زۆر کەس هەیە لە من زیرەك ترە، بەلام نەیتوانیە دەرفەتی گونجاو برەخسێنی یاخود هەلی بۆ هەلنەکەوتووە یان لەگەل یەکەم کەوتنی لە ترسی ئێشی ناولەپ و ئەژنۆی نەیتوانییە بە گونجاوی هەلبستێتەوە، نموونە "سابیر تەها" لە دواناوەندی کچان لە هەمووان زیرەکتر بوو لە رۆژانی گەمارۆی ئابووریدا بینیم ئاردیان لەسەر عارەبانەی لە جادەی شێخ الله بەکیلۆ دەفرۆشێت.

سابیر پیرداود لە دواناوەندی کشتوکالی هەولێر لەهەمووان زیرەکتر بوو کە زانکۆی موستەنسریەی تەواو کرد ناوی بۆ سەربازی بانگ کرا، بۆ ئەوەی بکوژی وبکوژرێ، سابیر لە سەربازی رایکرد هەشت سال لە ژێر زەمین خۆی شاردەوە گەر بگیرابا تیرە باراندەکرا. ئەوە سەبارەت بەکێشەی هەلکەوتوو و دەرفەت.